کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-10-2007 0:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لەڕۆیشتنت ناترسم! شێرکۆجەلال



لێم گەڕێ باڵەباوەشت بگریم
یاخی مەبە پەلەت نەبێ
لەڕۆیشتن
لێم گەڕێ بەلەباغی قژت تێربم
دنیای ئەوین لەفرمێسکە بێگەردەکانی
چاوت ببینم
لێم گەڕێ بەلەباوەشت بگریم
باسەرخۆشی مەی فرمێسکی چاوت بم
بالێرەبەکوڕ بۆ خۆشەویستیت بگریم

من دەمەوێ دڵم چەشنی پاشا
لەسەر سینەت بخەوێنم
سەبرە سەبرە بەسەرکەوم
بەرەو ئەستێرەی خەونەکانم
لێم گەڕێ باڵەباوەشت بگریم
پەلەت نەبێ لەڕۆیشتن
زۆرشت ماوە لێکی فێر بین
هێشتا ماوەلەیەك تێر بین
هەرلەچێژووهەرلەمژین
هەرلەخۆشی و ژان وراموسین
هێشتاماون زووخاویان بچێژین
لێم گەڕێ بانقوورچ لەئەوینت دەم
یەك زمانین بەئارامی لەیەك دەگەین
هەتازووەبادەست پێکەین
لێم گەڕێ باڵەباوەشت بمێنم
تابرژێینە ناوگەرماوی نهێنیەکان
بەزمانی ماچ لەیەك دەگەین
خۆشەویستی لەگوشینی مەمکەکانت
زووفێردەبم بەس تێرنابم
کەزانیم لەداوی عەشقم ئالاوی
لەکێڵگەی خەونەکانم جێ ماوی
لەباغی خۆشەویستیم ڕواوی
دەتوانی هەنگاو بنێی و بڕۆی
بەڵام ئازیز ئیترلێرەناگریم
دەزانم دڵت لەکیشوەری دڵم جێماوە
بۆ کوێ بڕۆیت بێ دڵ دەڕۆیت
چرای ڕۆحت لای من ماوە
تۆعاشقی لەڕۆیشتنت ناترسم...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.